# داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق

Water Right Foundation

ئەم پرۆژەیە پشتگیری دارایی کراوە لە لایەن یەکیەتی ئەورووپاوە — هاوبەش — لایەنی جێبەجێکار

هەواڵنامەی ژمارە ١٢ — ئـاب – ٢٠١٦



## پرۆگرامی پشتگیری کردن بۆ گەشەپێدانی کومەڵگەی مەدەنی لە عێراق

ڕێکخراوی سروشتی عێراق لە ژێر پرۆژەی پارێزەرانی ئاوی عێراق و داکۆکی کردن لە یاسا ژینگەیەکان وە بەهاوبەشی لەگەڵ دەزگای وەتەر ڕایت فاوندەیشن – ئیتاڵی وە بە پشتگیری دارایی یەکیەتی ئەورووپا، دووهەمین خولی ڕاهێنان لەسەر پشکنین و ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە٢٤ تا ٣١ ئایاری ٢٠١٦،بە دووگروپی جیاواز بەڕێوە چوو لە شاری هەولێرو سلێمانی بۆ (٤٩) پشکنەر لەدەزگا وفەرمانگە ژینگەییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خولەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بوو بۆ هەر گروپێک، لەرۆژی یەکەم و دووهەم بەشداربووان لە ناو هۆڵ ڕاهێنانیان پێ کرا لەگەڵ سێ ڕاهێنەری شارەزای ئیتاڵی (**ئلیسا تاکیس** و **مانرینکۆ بێلانی** وەهەروەها **سێرجۆ گەتێسکی** - شارەزا لەبواری ووزە ) لە وەتەر ڕایت فاوندەیشن. رۆژی سێیەم بۆ سەردانی مەیدانی ڕێکخرا، لەشاری سلێمانی سەردانەکە بۆ کۆمپانیای ( ئاوی ئاڵا ) بوو لە نزیک بازیان وە هەروەها لەشاری هەولێر سەردانەکە ئەنجام درا بۆ کۆمپانیای ( ئەربیل ستیل ) کە لەسەر شەقامی سەرەکی گوێرە. لە سەردانەکاندا هەموو بەشداربووان هاندران کە بەشێوەیەکی پراکتیکی لیستی چاودێری کردن کە پێشتر لەلایەن بەشداربووانەوە دروست کرابوو بەکاربهێنن.

ئامانجی سەرەکی خولەکە دابین کردنی ( پسپۆری پیشەیی گونجاو وە ڕابەری کردن بۆ گەیاندیان بە بریاری گونجاو و بەرپرسانە کە بەجۆرێک بگونجێت لەگەڵ پرنسیپی دەوروبەر و پرنسیپەکانی گەشەکردندا).

**بابەتی خولەکە :-**

* پێشەکییەك لەسەر ڕۆڵی داتا ژینگەییەکان بۆ پێوانەکردنی بەردەوامی.
* پێناسەی داتا ژینگەییەکان و ڕێگاکانی.
* بڵاو کردنەوەی زانیاری یەکان وبەڕێوەبردنیان.
* ڕۆڵ و هاوبەشی پێکردنی ڕێکخراوە ناحکومیەکات و کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆکردنەوەی داتا ژینگەیەکاندا و شیکارکردنی لە ناویشیاندا لێکۆڵینەوەی کەیسەکان.
* فۆکەس گروپ لەسەر شارەزای ناوخۆیی و زانستی هاوڵاتی.
* راپورتی ژینگەی و ئەزمونی هەرێمی تاسکەنی.







## مەبەست لە پشکنەری ژینگەیی چی یە ؟

پشکنەری ژینگەیی لێکۆلێنەوەی ڕۆتینی خۆی ئەنجام دەدات لە ناوچەیەك بۆ کارێکی دیاری کراو یان هەر ناوچەیەکی تر بێت بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە پرۆژەکان بەشێوەیەکی گشتی دەگونجێت لەگەڵ یاسا ژینگەییە گرنگەکاندا، لە دەرئەنجامدا ڕەگەزی بنەرەتی دەبێت بۆ پاراستنی تەندروستی هەریەک لە زەوی وهاوڵاتیان بەشێوەیەکی گشتی. ئەم شێوازی کارکردنە زۆر نزیکە و ئەگونجێ لەگەڵ پەیڕەوە ژینگەییە نێو دەوڵەتیەکاندا، جگە لەوەی توانای تۆمارکردنی وورد بۆ دیاری کردنی ئاستی نموونەیی لەناوچەیەکی دیاریکراو دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی تیمی پشکنین لە ناو بارەگای کارکردن و مەیدانی پرۆژەکان کارەکانیان ئەنجام ئەدەن کە جۆرێک لە باڵانس دروست دەکات لە نیوان هەمەچەشنی و رۆتیندا.



کارکردن بە تیم یاخود گروپ



سەردانی کارگەی ئاوی ئاڵا



کارکردن بە تیم یاخود گروپ



# داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق

Water Right Foundation

ئەم پرۆژەیە پشتگیری دارایی کراوە لە لایەن یەکیەتی ئەورووپاوە — هاوبەش — لایەنی جێبەجێکار

Www.NatureIraq.org — ئامادەکرا لە لایەن : تیمی پرۆژەی داکۆکیکردن

## بەشداری کردنی سروشتی عێراق لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی تێڕوانینی یەکیەتی ئەورووپا لە بەغداد





شاندی یەکیەتی ئەورووپا بۆ عێراق، لە بەرواری ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١٦ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ساز کرد، کە تیایدا تیشك خرایە سەر چەند خاڵێك لەوانە جێگیری کایەی سیاسی و هاوکاری کردن لە پێناو بەرەوپێش چوون و چالاکی مرۆیی. ئامانجی سەرەکی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بریتی بوو لە ڕوناکی خستنە سەر ڕۆڵی یەکیەتی ئەورووپا لەم بوارانەی کە باس کران تایبەت بە عێراق، وە هەروەها چالاکی بەردەوامی یەکیەتی ئەورووپا وە بەشداری پێکردنی هاوبەشەکانی یەکیەتی ئەورووپا ( یەك لەوانە حکومەتی عێراق ).

دەسپێکی کۆبوونەوەکە لە لایەن بەڕێز ( ماثیۆ گۆدستین ) سەرۆکی جێبەجێکاری یەکیەتی ئەورووپاوە خوێندرایەوە، پاشانیش وتەی بەخێرهاتن لە لایەن بەڕێز ( پاتریك سیمۆنێت ) سەرۆکی شاندی یەکیەتی ئەورووپا وە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا، دواتریش بەڕێز (د. سلمان الجمیلي) وەزیری پلاندانانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ وتەی تایبەتی خۆی پێشکەش کرد.

کۆنگرەکە دابەش کرا بەسەر پێنج تەوەرەی سەرەکی دا، گرنگترینیان:

* پەروەردە – لە لایەن یونیسکۆ.
* فەرمانڕەوایی – لە لایەن یوئێن دیپی یو، ئێن ئۆ پی ئێس، ئای ئۆ ئێم.
* ئاو – لە لایەن یونیسێف، یونیسکۆ، سروشتی عێراق.
* مافی مرۆڤ – لە لایەن هیڤۆس، ئێل ئەمەل، هاندی کەپی نێودەوڵەتی، پی ئەی ئێکس، عمار فاوندەیشن.
* وزە – لە لایەن یەکیەتی ئەورووپا، سەنتەری وزەی عێراقیەوە پێشکەش کران.

هەر نوێنەری هاوبەشێکی یەکیەتی ئەورووپا کە ئامادەبووی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بوو، هەستا بە پێشکەش کردنی کورتە ڤیدیۆیەك لەسەر پرۆژە و چالاکیەکانی خۆیان کە لە لایەن یەکیەتی ئەورووپاوە پشتگیری دارایی لێ کراوە.

## ئەرکەکانی پشکنەری ژینگەیی و پێناسەی پیشەی









پشکنەری ژینگەیی هەڵدەسێت بە شیکارکردن لە جێگەی پرۆژەکان بۆ کۆمەڵێکی جیاواز لەپرۆژەی ئەندازیاری یاخود بازرگانی، جگە لە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری و نوسینی ڕاپۆرت و پێشکەش کردنی پێشنیاری چاودێری کردن بەلایەنی پەیوەندیدار و ناو خۆییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کاری پشکنین لە پرۆژەیەکەوە بۆ پرۆژەیەکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت. بەڵام پشکنەر بەچەند جۆرێکی جیاواز دەتوانێت خزمەتی گرنگ بە وڵاتەکەی بگەیەنێت لە ڕێی هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم پشکنەرەکان دەبێت ڕەچاوی ئەم ئەرکانەی لای خوارەوە بن:

* هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ژینگەیی لەمەیدانی پرۆژەکاندا لە پێناو دەستنیشان کردنی ئەگەری کاریگەری ژینگەیی بۆ دەوروبەر.
* پشکینین و بە دیکۆمێنتکردن لە داواکارییە ژینگەییەکانی پرۆژەیەك یاخود چەند پرۆژەیەکدا.
* ڕۆژانە ڕاپۆرتی پشکنین ئامادە بکرێت کەپێویستە بەروار ، کات ، گرتنی وێنە ، لەگەڵ سەرجەم چالاکیەکانی تری مەیدانی پرۆژکە تۆماربکرێت بە بەردەوامی.
* دروست کردنی پەیوەندیەکی باش و پتەو لەگەڵ سەرجەم کارمەندەکانی پرۆژە و بەڵێندەرەکان و ئەندامانی پرۆژەکانی تر.



سەردانی کۆمپانیای ستیلی هەولێر



سەردانی کۆمپانیای ستیلی هەولێر




وەرگرتنی بڕوانامە بۆ بەشداربووان